**www.regayrasty.com**

## جگەرە کێشان تەمەنی مرۆڤ کورتەکاتەوە

لێکۆڵینەوەیەکی زانستی نوێ گەیشتە ئەوەی کە تەمەنی جگەرەکێش کورترە لە جگەرە نەکێش بە نزیکەی 10 ساڵێك کەمتر ئەگەر وەك حاڵەتێکی مام ناوەندی وەری بگرین.

هەروەها ووتی وازهێنان لەم جگەرە کێشانە ئەگەر لەتەمەنی پەنجا ساڵیش دا بێت ئەو کێشانەی کە بەهۆی ئەم عادەتەوە تووش دەبن کەم دەکاتەوە بۆ نیوەی.

وە ئەو دەرئەنجامەکانەی کە ئەم دیراسەتە پێ ی گەیشت - کە ماوەی پەنجا ساڵی خایاند - دەری خست ئەگەر کەسێکی تەمەن سی ساڵ واز لە جگەرە کێشان بهێنێت , ئەتوانێت دووربکەوێتەوە لەهەموو ئەو مەترسیانەی کە پەیوەندیان هەیە بە وەفات کردنەوە.

وە مامۆستایەك لە زانکۆی ( اکسفورد (کە ناوی پرۆفیسۆر ریتشارد دول بوو( تەمەنی 91 ساڵ بوو) کە دۆزەرەوەی پەیوەندی نێوان جگەرە کێشان و تووش بوون بە نەخۆشی شێرپەنجە(سەرەتان)ە ووتی: پەیوەستی و بەیەکەوە بوون هەیە لە نێوان جگەرەکێشان و زیاد بوونی رێژەی مردن لە ناو تەمەن مام ناوەند و گەورەکان دا, هەروەها ئەوەش ئاشکرایە کە بە وازهێنان لە جگەرە کێشان دەتوانرێ خۆ ڕزگار بکرێ لە بەشێکی زۆری ئەم مەترسیانە.

وە دکتۆر ریتشارد سمیپ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی دا ووتی : ئەم لێکۆڵینەوەیە بە سەرکەوتنێکی گەورە دەژمێردرێ, چونکە ئەو لێکۆڵینەوانەی کە پەنجا ساڵ دەخایەنن زۆر بلاَو و ئەنجام دراو نین لە بواری زانستی دا , وە ئەوەی جێگەی سەرنج و تێڕامانە ئەوەیە ئەو کەسانەی کە لەسەرەتادا هەستاون بەم دیراسەتە بەردەوام بوون هەتا کۆتای دیراسەتەکە کە ماوەی پەنجا ساڵە.

وە دکتور ریتشارد ( کە ماوەی 19 ساڵ جگەرەی کێشاوە و پێش ئەوەی وازی لێ بهێنێت) نەخشەی کێشا بۆ ئەوەی ئەم لێکۆڵینەوەی پەنجا ساڵ بەردەوام بێت چونکە ئەو ئەنجامانەی لە سەرەتادا بەدەر کەوت زۆرگرنگ بوون کە وەك هاندەرێك بوون بۆ بەردەوام بوون لەسەر لێکۆڵینەوەکەبۆ ماوەی پەنجا ساڵ.

وە ئەم پزیشکە لە چاوپێکەوتنێکدا کە لەگەڵی ئەنجام درا ووتی : کاتێك کە تەمەنم 37 ساڵ بوو وازم لە جگەرە کێشان هێنا, ئەمەش کاتێك ڕووی دا کە ئەنجامی یەکەمی لێکۆڵینەوەکەمم دی کە جێگەی باوەڕبوو لام.

وە دکتور ریتشارد لە لێکۆڵینەوە بەناوبانگەکەی دا کە لە ساڵی 1954 بلاوکرایەوە جەختی کردووە لەسەرئەو پەیوەندیەی کە جگەرە کێشان دەبەستێتەوە بە تووش بوون بە سەرەتانی کۆئەندامی هەناسە.

وە ئەنجامە سەرەتایەکانی لێکۆڵینەوەی دوەم دەری خست کە جگەرە کێشان دەبێتە هۆی تووش بوون بە نەخۆی

شێرپەنجەی کۆئەندامەکانی هەناسە , وە پێشبینی ئەوەیشی کرد کە دەبێتە هۆی تووش بوون بە نەخۆشیەکانی دڵ.

وە ئەم پزیشکە ڕوونی کردەوە کە لێکۆڵینەوەکە دەری خشتوەکە نزیکەی 25 جۆری نەخۆشی هەیە کە پێدەچێت هۆکارەکەی جگەرە کێشان بێت , وە ڕێژەی مردن بەرز دەبێتەوە بە بەرزبوونەوەی ڕێژەی جگەرەکێشان, وە ئەنجامەکانی دیراسەتەکە دەری خست سێیەکی ئەو کەسانەی کە لە ساڵەکانی بیست دا لەدایك بوون و پاشان بوونەتە جگەرەکێشی هەمیشەی ئێستا مردوون.

ئەوەی جێگەی بیرهێنانەوەیە ئەوەیە لەو کاتەی کە ئەم پزیشکە دەستی کردوە بەم لێکۆڵینەوەیە کە پەنجا ساڵە جگەرە کێشان بۆتە هۆی مردنی نزیکەی 100 ملیون کەس لە جیهان دا ,وە بیتو دەڵێ : ئەگەر بەم شێوەیەی ئێستا خەڵکی بەردەوام بن لەسەر جگەرە کێشان ئەوا ئەم سەدەیەی ئێستا نزیکەی یەك ملیار حاڵەتی مردن بەخۆوە دەبینێت بەهۆی ئەم عادەتەوە.

بەڕاستی پێویستە لەسەر ئێمەی مسوڵمان هەمیشە سوپاسی خوای گەورە بکەین کە لەبەر سەلامەتی تەندروستی خۆمان کۆمەڵێك شتی پیسی زیان بەخشی لێ حەرام کردوین .

ئەم بابەتە تا ئێرە لەنوسینی خوشکی بەڕێزمان دایکی عائیشەیە

زیاد کردنێکی پێویست لەسەر ئەم بابەتە لە ڕێگای ڕاستیەوە

تێڕوانینێکی شەرعی لەسەر جگەرە کێشان

پێش دەست پێکردن بە باباتەکە پێویستە چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆز وەبیر خۆمان بهێنینەوەکە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی پێ کردووە.

*كُلُوا من طَيِّبَات مَا رَزَقْنَاكُمْ وَلَا تَطْغَوْا فيه فَيَحلَّ عَلَيْكُمْ غَضَبِي وَمَن يَحْلِلْ عَلَيْه غَضَبِي فَقَدْ هَوَي (81) طه
*يَسْأَلُونَكَ مَاذَا أُحلَّ لَهُمْ قُلْ أُحلَّ لَكُمُ الطَّيِّبَاتُ (4) مائدة
*يَا أَيُّهَا الرُّسُلُ كُلُوا منَ الطَّيِّبَات وَاعْمَلُوا صَالحًا إِنِّي بمَا تَعْمَلُونَ عَليمٌ (51) مؤمنون
*الَّذين يَتَّبعُونَ الرَّسُولَ النَّبيَّ الأُمِّيَّ الَّذي يَجدُونَهُ مَكْتُوبًا عندَهُمْ في التَّوْرَاة وَالإِنْجيلِ يَأْمُرُهُم بِالْمَعْرُوف وَيَنْهَاهُمْ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُحلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَآئثَ

ئەگەر سەرنجێك بدەین لە ئایەتەکان ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە خوای گەورە تەنها شتە پاکەکانی حەڵاڵ کردووە بۆ مرۆڤ وە پێچەوانەی پاکیش پیسەو پێچەوانەی حەڵاڵیش بێگومان حەرامە و پێویست بە ڕونکردنەوەی زیاتر ناکات.

خۆشەویستان:

جگەرە کێشان کێشەو زیانێکی زۆر بۆ مرۆڤ دروست دەکات زیانەکانیش بێشومارن و زماردنیان تا ڕادەیەک مەحاڵە، هەرچەندە چەند زیانێکی ئاشکراو ڕونی دەخەینە بەرچاو.

شتێکی حاشا هەڵنەگرە کە زۆرێک لە پێشینانی نەخوێندەوار یان نیمچەخوێندەوار کاتێک باسیان لە جگەرە کێشان کردووە ووتوویانە مەکروهە، ئەمەش بە بیانوی ئەوەی کە لەقورئان و سونەتدا باسی لێوە نەکراوە، بێگومان ڕاستە لە قورئانی پیرۆزدا باسی لێوە نەکراوە چونکە مێژووی سەرهەڵدانی جگەرەو کێشانی دەگەڕێتەوە بۆ نزکەی 500

ساڵ کەمتریش، بەڵام بەهەڵەدا چون کە باس لەمەکروهـ بونی جگەرە دەکەن لە بەر ئەو هۆکارە، چونکە بێگومان حەشیش و تلیاک و هێرۆینیس باسیان لێوە نەکراوە بە شێوەی ڕاستەو خۆ، بەڵام خۆ دەزانین کە ئەمانە سەرخۆسکەرو بکوژی مرۆڤن دەکەونە قاڵبی شتە پیسەکانەوە (الخبائث) وەلە پاکەکان نین (الطیبات) خوای گەورە دەفەرموێت كُلُوا مِن طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ ... هەروەها لەئیسلام دا وكل مسكر حەرام واتا هەموو سەرخۆشکەرێک حەرامە.

هەروەها مەکروهـ ئەگەر نەیکەیت ئەجرو ثوابت هەیە و ئەگەر بیکەیت گوناهت ناگات، بەڵام ئایا جگەرە کێشان بەو هەموو ئازارو کێشەو نارەحەتیانەی کە بۆ مرۆڤی دروست دەکات دەچێتە قاڵبی مەکروهەوە ؟؟ بێگومان نەخێر وە لەپیس و حەرامەکان دەژمێردرێت هەروەک زۆربەی زانایانی بە عیلم و تەقوادار ئاماژەیان بە پیسێتی و حەرامی ئەم بەڵایە کردووە، چومکە وەک باسمان کرد جگەرە لە شتە پاک و باشەکان نیە و هە موو کەسێکیش دەزانێت وە مەکروهیش نیە لە بەرچەند هۆکارێک لەوانە سەرف کردنی پارەو پول و ناخۆس بونی بۆنی دەم و لاشەی جگەرە کێش و خوو پێوەگرتنی بە جۆرێک کە جگەرە کێس کاتێک جگەرەی لێ دبرێت وەک شێتی لێ دێت، هەروەها ئازاردانی خەڵک بە بۆنی پیسی جگەرە، کە ئەم هۆکارانە جگەرە دەبەنە قاڵبی حەرام و پیسێتی نەک مەکروهـ.

هەروەها پێغەمبەر کاتێک باسی سیر دەکات دەفەرموێت هەرکەس سیری خواردوە بانیزیکی مزگەوت نەکەوێتەوە، بێگومان لەبەر بۆنا ناخۆشەکەی کە سیر وەک لە فەرمودەدا هاتوە سودی تەندروستیشی زۆرە، باشە ئەی بۆنی جگەرە کێس چەند ناخۆشە کاتێک کابرای جگەرە کێش لەڕیزی نوێژکەراندا نوێژدەکات و موسڵمانان ئازار دەدات بە بۆنی ناخۆشی خۆی یان لە هەر کۆڕو کۆمەڵێکی تر؟؟

پاشان یاسایەکی شەرعی هەیە کە دەڵێت) الضرورات تبيح المحظورات ( بۆنمونە کەسێک لە شوێنێک خەریکە دمرێت لە برسا تەنها گۆشتی مرداروەوە بوی لایە دەتوانێت کەمێک بخوات تا نەمرێت بە پێی پێویستیەکەی یان کەسێکی کە کە خەریکە دەخنکێت لە تینوێتیدا بۆی هەیە کەمێک خمر یان عەرەق بخواتەوە ئەگەر تەنها ئەوەی دەست کەوت تا نەمرێت، ئەی جگەرە لە چی کاتێکدا بەفریای مرۆڤ دەکەوێت ؟؟ نە لە برسێتیدا وە نە لە تینوێتیدا!!!

هەروەها پێنج ئامانجی گرنگ کە لە ئیسلامدا ئاماژەیان پێکراوە بەهۆی جگەرەکێشانەوە توشی زیان دێن کە ئامانجەکانیش روون و ئاشکران وەکو دین و نەفس و عەقڵ و ماڵ و نەسل.

ئەو پێنج زەروریاتەی سەرەوە کە زیانیان پێدەگات بە شێوەیەکی کورت باس دەکەین کەسودمان تا ڕادەیەک لە نوسینێکی مامۆستا سەلاحەدین وەرگرتوە کە ساڵی 1997 ئاڕاستەی ڕێکخستنەکانی یەگرتوی کردبوو.

زیانەکانی جگەرە لەسەر (دین و ئاینی مرۆڤ : )

- دەوام بون لەسەر ئەم خووە ناپەسەندە و توش بون بە دەستیەوە خۆی گرفتێکە لە دیندا کە مرۆڤ ئەسیری عادەت و خوو ببێ.

- ناچار بوون بە ترسان یا خۆ دزینەوە لە ڕۆژوو گرتن و ساردی و سری بەرانبەری ڕۆژوو فەرمانەکانی تری خوا چونکە شەیتان جگەرە کێش هەڵدەنێ لەسەر کەمتەرخەمی لە گوناحەکانی تردا مادەم زەفەری پێ بردووە لەم گوناحەدا و بەردەوام رۆژی چەند جار بە دیار چاوی خواوە گوناح دەکا و پارەی قوتی مندا لا نَی لە جیاتی) طیبات ئەدا بە (خبائث. )

- بۆنی ناخۆشی جگەرە خۆی زیانە بە خەڵك و بەردەوام مافی خەڵك زەوت ئەکا و جێگای ئەوەیە کە قەدەغە بکرێ لە کۆر و مزگەوت و شوێنی قەرەباڵغ هەروەك پێغەمبەرصلی اللە علیه وسلم قەدەغەی ئەکرد لەسەر ئەوەی

(سیر)ی بخواردایە بێتە ناو خەڵك و مزگەوت ، جا ئەگەر سیر كە خۆی سودی تەندروستی زۆری هەیە وجاروباریش ئەخورێ نەك بەردەوام ئاوا مرۆڤ لە خەیری مزگەوت و ئاوەدانی دوربخاتەوە ، جگەرە بەو هەموو زیانە جۆراو جۆرەوە چۆن قەدەغە ناكرێ ، چونكە دوكەڵ كردن بە قورگی خەڵكدا زیان و ئەشكەنجەی خەڵكە ، زوڵم لێ كردنێكی ئاشكرایە و مافی خەڵك زەوت كردنە وقانگ دانی خەڵكە ، خۆ ئەگەر تەركی مزگەوتیش بكا ئەوا مەحروم بونێكی زۆری توش ئەبێ لەخەیر و حسنات و چاكەكانی ناو مزگەوت و ئاوەدانی و هاوكاری خەڵك لە ئەنجامدانی ئەركی جەماعی و كۆمەڵیەكانی ، یاسای شەرعی) لا ضرر ولا ضرار (جەخت دەكا لەسەر ئەوەی بەرنامەی ئیسلام قەدەغە ئەكا چ زیان گەیاندن بە خۆ چ بە غەیر بەم رەنگە جگەرە ئاین و بڕوای مرۆڤ لەق و سارد و سر دەكا.

زیانەكانی جگەرە بۆسەر نەفس:

وەك لە راپۆرتی پسپۆرانی پزیشكی دەردەكەوێ جگەرە كێشان كوشتنێكی لەسەر خۆ و هێدی هێدییە ، ئەوەندە زیانەكانی جگەرە ئاشكرا بووە ئەگەر چی ناتوانن لەبەر هۆی ئابوری و سیاسی قەدەغەی بكەن ئەوەنەیان پێكراوە كارگەكانی جگەرە دروست كردن ناچار بكەن لەسەر هەموو پاكەتێك بنوسن ( جگەرە زیان دەبەخشێ بە تەندروستیت ) و لە شوێنە گشتیەكاندا قەدەغە بكرێ..

بەلاَم فەرمودەی قورئان ) ولا تقتلوا انفسكم ) ( ولا تلقوا بايديكم الى التهلكه ( ، فەرمودەی پێغەمبەر صلى الله عليه و سلم ) ان لبدنك عليك حقا (رێگە نادا فەرامۆشی هیچ جۆرە زیانێك بكرێ كە دەرهەق بە لەش و دروستی لەش و گیان ئەنجام بدرێ ، حەرامی ئەو زیانە بە ئەندازەی گەورەیی زیانەكەیە بۆ لەش ساغی و مرۆڤی موسڵمان ، بەم جۆرە جگەرە هەرەشە لە پایەی زەرورەتی (سەر و نەفس ) ئەكا..

زیانەكانی جگەرە كێشان لەسەر عەقڵ و هۆش:

كەسێك كە یەقینی ببی بە زیانی شتێك كە چی دوچاری بوبێ و نەتوانێ خۆی لێ رزگار بكا ، عەقڵی كەسی ئاوا بەنج كراوە و بوەتە ئەسیر و دیلی دەستی ئەو عادەت و خووە كە ئابڵوقەی بیر و هۆشی داوە و لە كاری خستووە و توانای بینینی ئەركی خۆی نەهێشتووە ، چ عەقڵێكە كەسێك منداڵەكانی بۆ قوتی رۆژانە ئاتاجن كە چی ئەو پارە ئەدا بە دوكەلێ رەش و ئەیكا بە قورگی خۆیدا..

جگەرە كە حاڵەتێكی بێ تەوازونی ئاوا لە عەقڵ و سەلیقەی جگەرە كێشدا دروست بكا چۆن زیانبەخش نییە بە ( زرورەتی عەقڵ ) و چۆن وەك (مخدر) و (مەی) نەبوەتە مایەی تەعگیل كردنی عەقڵ و نەبوەتە خاوەن هەمان عیللەت و هۆی حەرام كردنی (مەی) و شتە بەندەكان.

زیانەكانی جگەرە كێشان لەسەر ماڵ و سەروەت:

زیانی جگەرە بۆ سامان و دارایی مرۆڤ لای هەموان ئاشكرایە كە جگە لەوەی كە پریەتی لە زیانی جۆراوجۆر دەبێ ئەو خراپیە بە پارە بكرێ ، پارەو سامان كە بەئیسراف و زیادەرەوی نابێ لە (مباح) یش دا سەرف بكرێ ، جگەرە كێش ئەو پارەیە لە زیانی لاشەیی و كۆمەلاَیەتی و ئابوری خۆیدا بە ئیسرافەوە سەرف ئەكا ، جا ئەم زیانە گەورەیە لە ماڵ و سامان بەبێ بەرامبەر گەورەترین زیانە و كەس ناتوانێ نكولی لێ بكا ، هەرەشە لە پایەی) زەرورەتی ماڵ و سامان ) دەكا.

زیانەكانی جگەرەكێشان بۆ نەوە و نەسل:

بێگومان زیانەکانی جگەرە بۆ تەندروستی بە گشتی لە دڵ و سی و قورگ و جەرگ و گەدە و .. دا ئاسەواری خراپ بە جێ دەهێڵێ لە نەوە و نەسلی مرۆڤدا چ لە سکی دایکیدا و چ لە پاش لە دایك بون بە تایبەت بۆ ژنی سك پڕ و دووگیان و شیردەر..

بەم شێوەیە زانیمان جگەرە بۆ هەموو پایە ضروریەکانی مرۆڤ زیان بەخشە لە کاتێکدا مەرج نیە هەموو حەرامێك بۆ هەر پێنج ئامانجەکان تێکرا زیانبەخشبێ..

بەڵێ خۆشەویستان زانایان لەسەر ئەوەش هاو ڕان کە جگەرە کێشان و بازرگانی کردن بە توتن و چاندنیشی هەر حەرامە هەروەک چۆن دروست کردن و بازرگانی حەرامە بە بیرەو عەرەق و هەمو جۆرەکانی تری خەمرەوە.

ئەی برا و خوشکی توشهاتوو بەم دەردە ، مەجالت نەماوە گومانت ببێ لە حەرامی ئەو جگەرەیە کە ئەسیری کردویت و حەواسی بەنج کردوی و هەمیشە وەك هەر (مخدر)ێکی تر غەم و نارەحەتی و فشاری ئەعێاب و تەنگە تاویت بە دوکەڵە شەیتانەییەکەی راودەنێی و هەر ئەوە ئەکەیتە بەڵگە بۆ ناچاریت کە چی هەر ئەو گیرۆدەبونە بەڵگەیەکی گەورەیە لەسەر حەرامییەکەی..

حەرامیش وشەیەکی گەورەیە و گاڵتەی لەگەڵ ناکرێ و موسڵمانی ئاسایش ناتوانێ لێی نزیك بێتەوە نەك کەسێکی وەك تۆی پێشەنگ و چراو (قدوە) دورنییە بە تەرك کردنی ماوەیەك نەخۆش بکەوی و غەمبار ببی و لە کار کەوی ، بەڵاَم هەر ئەوە باشترە تا بەو ئاشکراییە بێ ئەمری خوا بکەیت و اصرار بکەی لەسەر معصیەت و نافەرمانی خوا و (خبائث (لە جیاتی) طیبات ) سەیر بکەی ، بەرگەی هەرچی زەحمەتە لێرە کەمتر و ئاسانترە لە دۆزەخ و ئاگر و سزای نافەرمانی خوا ، بۆیە ئێستا جگەرەکەت تەرک بکە پێش ئەوەی بمریت و بە خوای گەورە بڵێیت خوایە بمگێڕەوە بۆ دنیا تاکاری باش بکەم و وەک ئێستا بەم هەموو گوناهو تاوانەوە نە گەڕێمەوە لات، کە داواکەت قبوڵیش ناکرێت.

حَتَّي إِذَا جَاء أَحَدَهُمُ الْمَوْتُ قَالَ رَبِّ ارْجِعُون لَعَلِّي أَعْمَلُ صَالِحًا فِيمَا تَرَكْتُ كَلَّا إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَائِلُهَا وَمِن وَرَائِهِم بَرْزَخٌ إِلَي يَوْمِ يُبْعَثُونَ (99– 100) مؤمنون.

ماوەتەوە بڵێین کە ڕون و ئاشکرایە کە خواردنەوەو خواردنی هە موو حەرامێک دەست نوێژ دەشکێنێت کە واتە جگەرەش بە هەمان شێوە. بۆیە تۆی بەڕێز ئەبێت بزانیت کەجگەرەت کێشا حەرامێکت کردووە حەرامێکت خواردووە دەست نوێژت نیە و ئەگەر نوێژت کرد بێدەستنوێژیت و نوێژیش بێ دەست نوێژ قبوڵ نیە لای خوای گەورە.

الا هل بلغت اللهم فاشهد

ڕێگای ڕاستی

**www.regayrasty.com**